**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە:٣٥٧٩ لە ٢٠٢٣/٣/٢٠**

پاڵپشت بە ماددەی (٤٥) لە یاسای ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقلییەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ و کۆنووسی لیژنەی دەرکردن و پێداچوونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە:-

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**تایبەت بە دامەزراندنی سندوقی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقلییەکان**

١-صندوقێک دادەمەزرێت بە ناوی (**صندوقی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقلیەکان**) پارەدار دەکرێت لەو پێبژاردنانەی کە لەم یاسایەدا دەقی لەسەر نووسراوە و لەسەر جەم دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە م صندوقە سپاردە دەکرێت

٢-ئەو بڕە پارانەی کە لە ناو ئەم صندوقەی بڕگەی یەکەم هاتووە سپاردە کراو بۆ پارەدارکردن و خەرج کردنی ئەو دامەزراوە تەندروستیانەی لە ماددەی (٣٨) ی ئەم یاسایەدا هاتووە نابێ بۆهیچ مەبەستێکی تر خەرج بکرێت .

٣-لیژنەی باڵای پێك هاتوو بەڕێوەبردنی ئەم صندوقە لە ئەستۆ دەگرێت وە ئەم صندوقە لە لایەن ستافێکی (کارگێری+ ژمێریاری + امین صندوق +ووردبین + یاسایی) کە لە لایەن لیژنەی باڵا دەستنیشان دەکرێت کاری کارگێری و دارایی صندوق بەرێوە دەبن .

٤- ئەو بڕە پارانەی کە بەپێی یاسا وەردەگیرێت بۆ مەبەستی صندوق دەکرێتە داهاتی کۆتایی بۆ گەنجینەی حکومەتی هەرێم وە گەنجینەی پەیوەندیدار ڕاستەوخۆ بڕی دیاری کراو دەخرێتە سەر ئەژماری صندوقەکە.

٥- بۆ جەرخ کردنی هەر بڕە پارەیەک لەم صندوقە بە ماددەی (٤٢) شەوە لیژنەی باڵا دەسەڵاتداران بەخەرج کردن بۆ مەبەستەکانی هاتوو بەپێی یاسای سەرەوە.

٦-بەپێی ماددەی (٤٢) لە یاسای ئاماژە پێکراوی سەرەوە لیژنەی باڵا دەسەڵاتی خەرجکردنی بڕی (١٠٠٠٠٠٠) تەنها یەک ملیۆن دیناری دەبێت بۆ ئەو لایەنەی کە ماددەی هۆشبەرەکە دەستگیردەکات.

٧-صندوقەکە ئەژمێرێکی تایبەتی بۆ دەکرێتەوە لە ڕێگەی وەزارەتی دارایی و ئابووری / بەرێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری /جوڵەی دراو پەیڕەوی سیستەمی کە نابێ کەمتر بێت لە (٣) کەس بۆ جوڵاندنی حسابی سیستەمی ژمێریاری نامەڵبەندی بکرێت ، وە لیژنەیەک پێکدەهێندرێت بۆ ئیدارەدانی صندوق یاخود بەڕێوەبردنی صندوق کە نابێ کەمتر بیت لە ( ٣) کەس بۆ چۆڵاندنی حسابی صندوقەکە پاش ڕەزامەندی لێژنەی باڵا.

٨-ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**